National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

DENG

## رادیۆی دەنگ
## یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ

## راپۆرتێك لەبارەی :

# رۆڵی گەنجان
# لە نێو حزبە سیاسیەکان
# لە گەرمیان



## پێشەکی:

سیاسەت لەو هونەرانەیە کە بەردەوام پێویستی بە نوێبونەوە هەیە، ئەم نوێبونەوەش چ لە ئاستی فیکردا بێت یاخود کادیر و کاراکتەرەکانی.

ئەوەی لە کاری حزبایەتی لە هەرێمی کوردستان وەکو نەنگی باسی لێوەکراوە، ئەوەیە کە کەمتر دەرفەت بە گەنجان دراوە بێنە پێشەوە، بەڵکو باسیش لەوەدەکرێت کە رەنگە وەکو ژمارە گەنجان لە حزبەکاندا زۆر بن، بەڵام وەکو رۆڵ، ئەو رۆڵەیان نییە. لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە، لەسەر پرسی بەشداریی گەنجان لە کاری سیاسیی و حزبیی و ئاستەکەی دەوەستین، هەروەک ئاڵەنگارییەکانی ئەم بوارەش دەخەینەڕو.

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## ٢. رۆڵی گەنجان لە حزبەکان لە نێوان روکەشیی و جەوهەری دا

بەرپرسە سیاسیەکانی گەرمیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە رۆڵ بە گەنج دراوە بۆ هاتنەپێشەوەین بۆ نێو سیاسەت، بەڵام هەندێک پێی‌وایە ئەو رۆڵە روکەشە و هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە.

هاشم سالح، سکرتێری مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە قەزای کفری، وتی: «رۆڵی گەنج لە ئێستادا بەگشتی بە رواڵەت هەیە و رۆڵی پێدراوە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین لە پشتەوەی هەر گەنجێک کە لەناو حزب و سیاسەت دایە کاراکتەرێکی بەتەمەنی لە پشتەوەیە و بەو ئاراستەیە ئەیان جوڵێنن کە لە بەرژەوەندیەکانی خۆیانە و حزبە سیاسیەکان چۆنیان بوێت ئەوە دەبێت، ئەمەش مایەی دڵخۆشی نیە».

دەشڵێت: ئەمەش کاریگەری خراپی ئەبێت لەسەر گەنجان، چونکە ئەگەر بە تەواوی لەکەدار نەکرابێت و وانیشان نەدرابێت کە فاشیلە و ناتوانێت ئیدارەی وڵات بدات، ئەگەرنا ئەبێت گەنجێکی گوێڕایەڵ و بە ئارەزوی پیاوە بەتەمەنەکانی ناو سیاسەت بێت، ئەمەش وایکردوە کە گەنج خۆی نەدات لە حوکمڕانی و سیاسەت لە بری ئەوەی دەستیان بگرێت ئەیانشکێنن.

بە پێچەوانەوە بەرپرسێکی حزبی باس لەوەدەکات کە رۆڵ بە گەنجان دراوە لە نێو پارتە سیاسیەکان بەجۆرێک رێژەکە زیادی کردوە بۆ سەروی ٪٦٠.

عومەر عەلی، لێپرسراوی بەشی رێکخستن لە مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، باس لەوە دەکات: رۆڵی گەنج لە نێو حزبە سیاسیەکان و لە گەرمیانیش بە تایبەت هاتنەپێشەوە هەبوە و رۆڵ بە گەنج دراوە و دەتوانم بڵێم ئاستی بەشدارییان ٪٧٠ـە، بەتایبەت باسی یەکێتی بکەم گەنجی زۆر هەیە و دەتوانم بڵێم لە نیوە گەنج بەڕێوەی ئەبات.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا دەیان بوارمان هەیە دەبێت کەسانی بەتەمەن و بە ئەزمون بەڕێوەی ببات و نابێت هەموی بدرێت بەدەست گەنجەوە، چونکە لە روی سیاسیەوە ئەزمونیان هەیە.

لە هەمان کاتدا، وریا عەلی، بەرپرسی ناوچەی کەلاری پارتی دیموکراتی کوردستان، وتی: «ئێمە وەک خۆمان چ لەسەر ئاستی ئۆرگانە حزبیەکان چ لەسەر ئاستی وەزیفەی حکومی و پەرلەمانیش کۆمەڵێک گەنجی زۆرباشمان هێناوەتە پێشەوەوە، بە جۆرێک رێژەکەی دەگاتە نزیکەی لە ٪٨٠ دەبێت».

دەشڵێت: لە هەمو حزبێکی سیاسی رۆڵ دەدرێت بە گەنج کە لەسەر ئەساسی حزب و بەرەوپێشبردنی حزبەکەی کار ئەکات و هەمو هەنگاوەکانی بۆ حزبەکەیەتی، بە گرنگیش سەیری دەکەین لەسەر ئاستی ئەو وەزیفانەی کە وەریان گرتوە، بە جۆرێک هەر وەزیفەیەک هاتبێتە پێشەوە هەتا گەنجێکی ئەکادیمی و بەتوانا وەستابێت شوێنەکەمان بە کەسی تر پڕ نەکردوەتەوە.

«بەشێوەیەکی گشتی رێژەیەکی باش گەنجان رۆڵیان پێدراوە لە نێو حزبە سیاسیەکان، لەگەڵ ئەوەش ناتوانم بەراوردکاری بکەم لە نێوان ئێستا و رابردو، چونکە بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان ناشرین کراوە بە تایبەت لای گەنجان بە پێچەوانەوە لە بابەتەکە دەڕوانن، هۆکاری ئەمەش ئەو بارودۆخە سیاسیەیە کە لە هەرێم کوردستان هاتوەتە ئاراوە«. عومەر نەجم، بەرپرسی بۆردی رێکخراوەکانی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە گەرمیان وا دەڵێت.

پسپۆرێکی سیاسی جەخت لەوە دەکاتەوە لە نێو حزبە سیاسیەکان فەزایەکی گەورە هەیە لە ئێستادا، بەڵام حزبەکان رۆڵیان بەگەنج داوە بە تایبەت لە دوای ساڵی ٢٠٠٩، چونکە ژینگەیەکی وا رەخسا ناچاربون ئەوە بکەن، ئەگەرچی ئەو گەنجانەشی کە چونە نێو پارتە سیاسیەکان ئیستغلالی ئەو دەرفەتەیان کرد و هەمان ئەقلیەتی کۆنەکانیان جێبەجێ کرد، ئەمەش کاریگەری خراپی هەبو لەسەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێم.

ئاریان رەئوف، مامۆستای زانکۆ و پسۆڕی سیاسی، دەڵێت: «لە نێو حزبە سیاسیەکان فەزایەک هەیە بە تایبەت کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ـەوە ژینگەیەکی وا دروست بو کە حزبەکان رۆڵ بە گەنج بدەن و ژمارەیەکی زۆر گەنجیش داخل بە پارتە سیاسیەکان بو، بەڵام گەنجان نەیانتوانی ئەم هەلە بقۆزنەوە و بەقازانجی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بیبەن، بە پێچەوانەوە ئەمانیش چونەوە سەر رێچکەی ئەوانەی پێشوتر کە لە نێو پارتە سیاسیەکان هەبون و هەن».

وتیشی: هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شەپۆلێکی پۆپۆلیستی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی سەری هەڵدا، گەنجەکانیش بەشێکیان ئەو هەلەیان بۆ رەخسا لە چوارچێوەی ئەم شەپۆلە پۆپۆلیستیە پەرەیان بە خۆیان دا زەمینەیان بۆ خۆیان سازان و بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە خۆیان لەو پۆست و کایانەی کە پێشتر بۆیان فەراهەم نەبو، لە کاتێکدا رەخنەیان دەگرت لە دەسەڵاتدارانی هەرێم کە ئەو پۆستانەیان قۆرخ کردوە و بۆ ماوەیەکی درێژ لەو پۆستانەن، بە جۆرێک ئیستغلالی ئەو دەرفەتەیان کرد بۆ مانەوەیان لەو پۆستانە کە لە هەرێم هەن.

بە رای هاشم سالح، بەشداریی گەنجان لە حزبەکاندا زۆرتر شکڵییە «هەمو حزبە سیاسیەکان باسی گەنج و نوێکاری ئەکەن، بەڵام ئەوەی هەیە رواڵەتە و گەنج بڕیاردەر نین لە حزب دا».

## ٣. گرنگیدان لە گەنجان لەناو حزبەکان دا

بەشێک لە بەرپرسە سیاسیەکان پێیانوایە گەشەسەندنی هەر پارتێکی سیاسی پەیوەستە بە بونی گەنج لە نێو ئەو پارتەدا، دەشڵێن گرنگی بە گەنج دراوە لە نێو حزبە سیاسیەکانی گەرمیان، بەڵام هەندێک بە پێچەوانەوە لە بابەتەکە دەڕوانن بە جۆرێک ئەوەی هەبێ تلە نێو سیاسەت و بە رواڵەت گەنج بێت بە ئەقڵیەت گەنج نیە.

عومەر عەلی، لێپرسراوی بەشی رێکخستن لە مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی باس لەوە دەکات: «لە ئێستادا گەنج بەشداری گرنگی هەیە لە ناو حزب و سیاسەتدا، هینانە پێشەوەی گەنجان لە ئێستا بە گرنگ دەبینرێت، چونکە سەردەم سەردەمی تەکنەلۆژیایە کە ئەمەش پێویستی بە گەنجی شارەزا هەیە، بۆیە هەر لایەنێکی حزبی لەم رۆژگارەدا گرنگی بە گەنج نەدات لە نێو کایەی سیاسیدا ئەوە لایەنی سلبی زۆری ئەبێت لەسەر ئەو حزبە».

دەشڵێت: بەکۆی گشتی لە بەرژەوەندی گشتی نیە ئەگەر گرنگی بە گەنج نەدرێت بۆ هێنانە پێشەوەیان بۆ نێو سیاسەت.

هەندێک لە بەرپرسان باس لەوە دەکەن گرنگی بە گەنجان دراوە لە نێو پارتە سیاسیەکان و لە حزبێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، لە هەمان کاتدا ئەگەر حزبێک بیەوێت بە بەردەوامی لە گەشەسەندندا بێت و چالاک بێت، دەبێت گرنگی بە گەنجان بدات.

عومەر نەجم، بەرپرسی بۆردی رێکخراوەکانی کۆمەڵی دادگەری لە گەرمیان وتی: «لە نێو هەر پارت و حزبێکی سیاسی شێوازەکان جیاوازن بۆ بەگرنگ سەیرکردنی گەنجان، چونکە لە حزبێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بە نسبەت حزبەکەی خۆمەوە گرنگی زۆری بە گەنجان داوە، جا بۆیە هەر حزبێک ئەگەر بیەوێت بەردەوام لە ئاستی گەشەسەندندا بێت و بە زیندویی بمێنێتەوە و چالاک بێت، دەبێت گرنگی بە گەنجان بدات و رۆڵیان بە هەند وەربگرێت».

بەپێچەوانەوە، هاشم سالەح، سکرتێری مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە قەزای کفری، وتی: «گەنجان لە ناو سیاسەت بە گرنگ سەیرناکرێن، چونکە ئەو گەنجەی کە ئەیەوێت بچێتە ناو سیاسەت و بەراستی خەون و ئاواتی گەنجان بەدی بهێنێت لەگەڵ ئەوانەی کە لە ناو دەسەڵاتن دو ئاراستەی پێچەوانەن، بۆیە بەهەند وەرناگیرێن، بۆیە ئەگەر بە رواڵەت لە ناو سیاسەت گەنج بن، بەڵام بە ئەقڵیەت گەنج نین و هەمان ئەقڵیەتی بەتەمەنەکانیان هەیە».

لە بەرامبەردا، ئاریان رەئوف، مامۆستای زانکۆی گەرمیان و پسۆڕی سیاسی، وتی: «ئەگەر باسی حزبی ئۆپۆزسیۆن بکەم، گەنجان بە گرنگ رۆڵیان هەڵسەنگێندرا و رێگەشیان پێدرا، پۆست و کایەی گرنگ گرنگیشیان بەدەست هێنا، بەڵام گرفتەکە ئەوە بو بۆ مانەوەی خۆیان پەیوەست بون بە ئەقڵی ئەوانەی کە لە پێشتر هەبون، بە جۆرێک ئەو پەیڕەیەی کە بەسەری سەرکەوتن بۆ مانەوەی خۆیان دانەکانی هەمو ئەو پەیڕەیان شکان بۆ ئەوەی ئەوانەی دوای خۆیان نەتوانن سەرکەون».

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروست کرد، بە جۆرێک بەشێکی خەڵک کە بڕوای بە پرۆسەکە نەماوە و بەشداری پارتە سیاسیەکان ناکات هۆکارەکەی ئەمەیە، نەیانتوانی ئەو زەمینەیەی کە هاتە پێشەوە بەردەوامی پێبدەن و رێگە نەدەن ئەو بارودۆخەی کە لە پێشتر هەبو دوبارە ببێتەوە، چونکە ئەو زەمینەیەی کە رەخسا لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ گەنجان زەمینەیەکی باش بو.



## ٤. ئاستی هاتنەپێشەوەی گەنجان لەناو حزبە سیاسیەکان دا

بەرپرسێک جەخت لەوە دەکاتەوە رێگە بە هاتنە پێشەوەی گەنجان دەدرێت بۆ نێو پارتە سیاسیەکان، بەڵام بە مەرجێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان کاربکەن ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت.

هاشم ساڵەح، سکرتێری مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە قەزای کفری، وتی: «رێگە بەهاتنەپێشەوەی گەنجان دەدرێت بۆ ناو سیاسەت و حزب، بەڵام بە مەرجێک لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت کە لەو حزبەدان ئەگەرنا رێگەیان نادرێت بێنە پێشەوە، بە جۆرێک ئەوەندە گرفت و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن خۆشی نازانێت ئامانجی چیبوە کە هاتوەتە ناو سیاسەت، تەنانەت وایان کرد گرنگی بونی گەنجیان لەناو سیاسەت و لەلای خەڵک رسوا کرد، بۆ نمونە ئەیهێنێتە بەڕێوبەرایەتیەک کەچی هەزار ئاستەنگی بۆ دروست دەکات».

## ٥. تا چەند بۆچونی گەنجان لە نێو حزبە سیاسیەکان بەهەند وەردەگیرێت؟

وەرگرتنی بۆچونی گەنجان وەک باسی لێوەدەکرێت لە نێو پارتە سیاسیەکان بە هەند وەرناگیرێت ئەگەر لە بەرژەوەندی حزب و کاراکتەرەکانی نێو حزب نەبێت، هەندێکیش بە پێچەوانەوە لە بابەتەکە دەڕوانن.

هاشم ساڵەح، سکرتێری مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە قەزای کفری، وتی: «بۆچونی گەنج وەرئەگیرێت، بەڵام کاتێک بڕێتە بەرژەوەندی حزب و کاراکتەرەکانی ناو حزب، ئەگەر نا بە پێچەوانەوە رەئیان وەرناگیرێت، چونکە بەتەمەنەکانی ناو سیاسەت وا بیر دەکەنەوە ئەم جیلی گەنجە دژی ئەوان و بەرژەوەندیەکانیانن، لە کاتێکدا ئەبێت ببن بە ئاوێنەیەک بۆ ئێمە و جوانکردن و رێکخستنی ئایندەی سیاسەت لای گەنجان، هاوکات هەمیشە هەوڵیان داوە گەنج ناشرین بکەن و خۆیان بە پیرۆزی بمێننەوە و هەمو شتێکیان چەواشە کردوە».

بەپێچەوانەوە، عومەر عەلی، لێپرسراوی بەشی رێکخستن لە مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی، باس لەوە دەکات: رای گەنج بە هەند وەرگیراوە و وەرئەگیرێت، بەڵام بە کەسەکان خۆیان کەوتوە کە چەند خاوەنی بڕیاری خۆیانن، لە گەرمیانیش زۆر گەنج هەن لە رێگەی حزبەوە پۆستیان وەرگرتوە و لە شوێنی کاردان و خاوەنی بڕیاریشن.

«رای گەنج وەرئەگیرێت لە نێو کایەی سیاسەتدا، راکانیش لە چوارچێوەی کۆبونەوە حزبیەکان وەرگیراوە، هەر رایەک درابێت چ گەنج بێت چ بە تەمەنێک بێت، ئەوا بەهەند وەرگیراوە و بەباش زانراوە و کاری لەسەر کراوە« . وریا عەلی، بەرپرسی ناوچەی کەلاری پارتی دیموکراتی کوردستان وای وت.

## ٦. ئاستەنگیەکانی بەردەم هاتنەپێشەوەی گەنجان لە حزب دا

بەشدارانی پارتە سیاسیەکان لە گەرمیان هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی گەنجان لە نێو حزبدا روبەڕوی ئاستەنگ و ئالەنگاریی دەبنەوە، بەڵام نەگەشتوە بە ئاستێک کە شکستیان پێبهێنێت، بەڵکو بەردەوام لە روبەروبونەوەی ئەو ئاستەنگیانەدان.

وریا عەلی، بەرپرسی ناوچەی کەلاری پارتی دیموکراتی کوردستان، وتی: «رێگری هەیە و لە هەمو دونیادا هەمو شتێک بە دڵی ئەو کەسە نابێت کە خۆی ئەیەوێت، ئەمە لە بواری سیاسەتیش هەمان شتە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەگەڵ سیاسەت و واقیعبینی کاتەکەدا بەرنامە و پلانەکانی خۆت جێبەجێ بکەیت، پێویستە لە چوارچێوەی خواستی گەنج و بەهێزکردن و هێنانەپێشەوەی گەنج کاربکرێت، بەڵێ رێگری و ئالەنگاریی هەن، بەڵام ئەوە نین کە شکست بە گەنج بهێنێت لە بواری سیاسەتدا».

بە هەمان شێوە، عومەر نەجم، بەرپرسی بۆردی رێکخراوەکانی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە گەرمیان، وتی: یەکێک لە ئالەنگاریەکان بواری مادییە کە رۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر هاتنەپێشەوەی گەنجان کە دەبێت ئەو بەربەستە تێبپەڕێنن، لەلایەکی دیکە ململانێ بەردەوامەکانی نێو حزب و سیاسەت یەکێکی دیکەیە لەو بەربەستانەی کە بەرامبەر بە گەنجان هەیە بۆ هاتنە پێشەوەیان.

«لەهەر بوارێک کە بەرپرسیارێتی وەربگیرێت ئاستەنگ ئەبێت و بە بێ ئالەنگاریی نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بگات بەوەی کە شکستی پێ بهێنێت، بەڵێ رێگری و ئاستەنگ هەیە لە هێنانەپێشەوەی گەنج بۆ نێو سیاسەت، هاوکات بە شێوەیەکی گشتی رێگەدراوە و ئەگەر ئاستەنگێکیش هەبوبێت نەبوە بە کێشە بە تایبەت کە باسی حزبی خۆم دەکەم»، عومەر عەلی، لێپرسراوی بەشی رێکخستن لە مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وای وت.

بەرپرسێکیش پێیوایە پێویستە گەنجان خۆیان ئازاد بکەن و ملکەچی ئەو بڕیارانە نەبن کە بڕوایان پێی نیە.

هاشم ساڵەح، سکرتێری مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە قەزای کفری، وتی: «یەکێک لەو تەحەدیاتانەی کە گەنجان لە ناو حزب روبەڕوی دەبنەوە ئازادییە، گەنجانمان ئازادن، بەڵام ئەم ئازادییە بەرتەسک کراوەتەوە، چونکە کاتێک ئازاد دەبن کە پێداگیریی لە ئایدیای سیاسی خۆیان بکەن و ملکەچی ئەو بڕیارانە نەبن کە بڕوایان پێی نیە، ئەگەرنا بە پێچەوانەوەیە.

## دووەم: چی بکرێت بۆ باشترکردنی بەشداری گەنجان لە حزبەکان؟

هاشم ساڵەح، سکرتێری مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە قەزای کفری، وتی: یەکێک لە چارەسەرەکان ئەوەیە کە ئەو گەنجانەی دێنە ناو سیاسەت و بۆ ئەوانەشی دوای خۆیان، پێویستە ملکەچی ئەو بڕیارانە نەبن کە بڕوایان پێی نیە، بۆئەوەی گەنجانی دیکەش بێنە پێشەوە و سیاسەتیان بوێت نەک عەیبدار بکرێن.

وتیشی: «ئەو رێگە چارانەی بۆ باشترکردنی بەشداری گەنجان بۆ نێو سیاسەت یەکەمیان خێزانە کە پێویستە کار لەسەر لایەنی رۆشنبیری بکرێت، هاوکات ناوەندە ئەکادیمیەکان وەک زانکۆ کە پێویستە کار لەسەر ئەو پرسە بکات».

یەکێکی دیکە لە رێگە چارەکان بۆ برەودان بە بەشداریی گەنجان، رێکخراوەکانن.

عومەر نەجم، بەرپرسی بۆردی رێکخراوەکانی کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە گەرمیان، وتی: رێکخراوەکان پێویستە بەردەوام کار لەسەر رۆشنبیرکردن و چالاککردنی ئەو بابەتە بکەن کە بوار بە گەنجان بدرێت لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە بۆ هاتنە پێشەوەیان، چونکە ئەگەر بیانەوێت لە لوتکەی گەشەکردن بمێننەوە، ئەبێت بوار بۆ گەنجان برەخسێنن.

پسپۆڕێکی سیاسی پێیوایە کە ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە لە نێو کایەی سیاسی دا ئاڵۆزە و پرۆسەکەش کاتێکی زۆری دەوێت.

ئاریان رەئوف، مامۆستای زانکۆ و پسپۆری سیاسی، باس لەوە دەکات: «دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە لە ئێستادا بۆ باشترکردنی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، ئەوە نیە بتوانین لە زەمینەیەکی کوردتدا وەچەرخانێکی نوێ بێتە ئاراوە بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە« .

وتیشی: «لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩ یەک جار ئەم زەمینەیە رەخسا، ئێستاش پێویستی بە چەند ساڵێکی ترە تا ئەم دەرفەتە برەخسێتەوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست ببێت».

* دەربارەی یەکەی ڕۆژنامەوانیی مافەکانی مرۆڤ

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانیی تایبەتە بە بەدواداچونی پرسەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی. لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە و بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی دامەزراوە.

کاری بەرهەمهێنانی بابەتی ڕۆژنامەوانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و هەروەها ئەنجامدانی چالاکی جیاوازی وەکو: خول، وۆرکشۆپ، ڕاپرسی، سیمینار، گفتوگۆی کراوە و ڕاپۆرتی قوڵ دەکات.

* سەرپەرشتیاری یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و ئەم ڕاپۆرتە: زریان محەمەد

* پەیوەندی:
٠٧٧٤ ٠٨٧ ٨١٥٣
٠٧٧٢ ٨٥١ ٨١٦٣

* شوێنی یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە ئینتەرنێت:
3=http://radiodeng.net/pages.aspx?kodtech

* دەربارەی ڕادیۆی دەنگ

ڕادیۆی دەنگ، یەکەمین ڕادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئامانجیشی بریتییە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
سەرباری پەخشی زەمینی، ڕادیۆکە خاوەنی چەند پرۆژەیەکی دیکەیە، وەکو: سایتی ڕادیۆی دەنگ، سایتی دەنگ نێت، سایتی نەوژین، یەکەکانی: چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ، وزە و هەڵبژاردن.